


# بەشێك لە شیعری

#ديناو

ڕەزا كريم مـجاور

سەرەتابوو
سەرەتا وشەبوو
وشە خوابوو...
لە ڕۆچنی بژانگچنی چاوانتەوە
نیوەی ژیان...
نیوەی جیهان دیاربوو...
سەرەتابوو...
دار... داری دەخواردو
بەرد... بەردی دەخواردو
ئاو... ئاوی دەخواردو
من... منم دەخوارد
سەرەتابوو...
بەسەر خاكا هەڵژنام و بووم بە مرۆ...
خێڵ خێزانبوو... خێڵ خێزانبوو
كە من هاتم...
كە من هاتم... بارانی بەرد دادەباری
كە من هاتم... چاو گلێنەی خۆی دەناشت و
چرا تیشكی خۆی دەكوشت و
خوێن خوێنی خۆی دەڕشت...
ئای... ئای! چ سەردەمێبوو!
ئای... ئای! چ سەردەمێكە!

چیان... چیان... چیان کردووه؟!
چیان لەم خاکە کردووە
کە شوێنی جێپێکانی خۆشم ناناسمەوە؟
چیان لەم خەڵکە کردووە
کە ڕوخساری خۆشم نابینمەوە؟!
چ خەڵکێك... چ خەڵکێك!
خەڵکێك کە شەو بە پرچی لاوەوە نووستوون و
بەربەیان بە پرچی پیرەوە هەستاون!
خەڵکێك کە ماڵ بە ماڵ
مانگێکیان لە تەشقی دڵ داوەو
کەچی هێشتا شەقڵی ڕوومەتیان نەدیوە!
ئەوانە دەبێ چی بن... چی؟!
ئەوانە دەبێ
ساڵەکانیان... بێ وەرزو
وەرزەکانیان... بێ مانگ و
مانگەکانیان... بێ ڕۆژ... بێ ڕۆژ بێ!
هاتن... هاتن... هاتن...
هاتن و... سێ کەسبوون... سی کەسبوون... سێ هەزار... سی هەزار
هاتن و بە ژەکی شەوەزەنگ
گۆشیان کردم و
بە پەنجەی نینۆکی نەینۆکێ
نێوکیان هەڵبڕیم...
خێڵ خێزانبوو... خێڵ خێزانبوو... خێڵ خێزان...
کە من هاتم
یەکەم (گات)ە بەردینەکەم
بۆ بەردەکانی بەردستانەکەم خوێندەوە...
دەنگدانەوەی دەنگی بەردبوو...
دەنگدانەوەی دەنگی دەنگبوو...
ڕەنگدانەوەی ڕەنگی بەردبوو...
شۆڕشبوو... شۆڕشبوو... شۆڕش...
شۆڕشی ڕەش... شۆڕشی شین... شۆڕشی سپی... شۆڕشی زەرد... شۆڕشی نارنجی... شۆڕشی وەنەوش...
شۆڕشی سوور... شۆڕشی خۆڵەمێشی... شۆڕشی پەمەیی... شۆڕشی خەنەیی... شۆڕشبوو...
(ڕەنگەکانیان نەهێشتووە
ئاخۆ ئەگەر ئێمە شۆڕشێکی تر بگێڕین
دەبێ چ ڕەنگێکی پێ بدەین؟)

من لە وەها هەناسەیەکەوە هاتم...

لە هەزاربەهەزاری هەزارە هەزارەکانەوە هاتووم...

لە کاکیبەکاکی کەوێڵی کێوە کاولەکانەوە دێم...

لە دەڤەرێکەوە کە هەزار هەزار هەزارجار

بە بۆنی مەرگ و مەرگەسات

بۆڕۆکراو بووژایەوە...

دەڤەرێ کە خەڵکەکەی... کە خاکەکەی

هەر لەخۆوە... لە ئاستی خۆوە

بەیانیان لەدایکدەبن و

ئێواران کوتوپڕ پیردەبن...

ئای... ئای!

هەتا مردن دەبێ بە تاسەی ئەو شیعرانەوە بژیم

کە نەمتوانی بەر لە مەرگم بیاننووسم!

ئای... ئای!

ئەم وشانە چەندە پیرن... چەندە پیر!

دەبێ دیسان لە سەرەتاوە

بۆ وشەکان... وشە وشە

چەمکی نوێ بدۆزمەوە!

پیاوێکی شەل

بە پلیکانەکانی تەمەندا هەڵدەزنێ...

ئای! ژیان چەند چەپوچیرە!

من واهاتووم... بەناو ئەم چەقەنە بەردانەدا...

ئای کە هەلاهەلایە ڕۆحی زمانەکەم... هەلاهەلا!

من واهاتووم و

ئێستەکانێ لەگەڵ بەرەی سەدەی بیستویەکدا ئاوێتەم...

بەرە... بەرە... بەرە...

بەرەی ئینتەرنێت و کۆمپیۆتەر... بەرەی مانگی دەستکرد... بەرەی نزیکیی دەنگ و دووریی ڕەنگ... بەرەی جیهانی مەجازی... بەرەی کەناڵبازی... بەرەی چەترووم... بەرەی گوندی جیهانی... بەرەی تۆڕی جیهانی... بەرەی سیبرێنتیك... بەرەی موبایل... بەرەیSMS... بەرەی بانگەشە... بەرەی ئاپاڕات و کامێرا... بەرەی فیبری نووری... بەرەی ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ... بەرەی لابیرێنت بەرەی بورج و ئەپارتمان... بەرەی پڕۆتێز... بەرەی دەستکرد... بەرەی نەشتەرگەریی جوانی... بەرەی ڕووکەش... بەرەی پاش مودێرن... بەرەی (وێکچووسازی)... بەرەی (ڕای ڕێژەیی)... بەرەی چەکی کیمیایی... بەرەی وزەی نێوکی... بەرەی ئۆرانیۆم و خەرتەلە... بەرەی پەرادۆکس و دژایەتی... بەرەی ئابستڕێت... بەرەی تەقینەوەی شیعر و چیرۆك... بەرەی مەرگی نووسەر... بەرەی ئایدز و شێرپەنجە... بەرەی ئێرۆس و ئوروتیك... بەرەی مۆرفین و ئەفیۆن... بەرەی سەرشێتی... بەرەی سەرخۆشی... بەرەی بادە و بەرەی بیرە... بەرەی بار و کاباریێ... بەرەی دیسکۆ و گازینۆ... بەرەی باڵێ و هەڵپەڕکێ... بەرەی دەواو دەرمان... بەرەی سووراو و سپیاو... بەرەی فیمینیزم... بەرەی پەپیۆن و بۆینباخ... بەرەی خودا

بچووکەکان... بەرەی مرۆڤە گەورەکان... بەرەی بووژانەوەی بۆژۆیەتی... بەرەی ڕشانەوەی شالاوە ڕەشەکان... بەرەی شەڕوشۆڕ... بەرەی بەندیخانە... بەرەی سێدارە... بەرەی ڕەشکوژی... بەرەی براکوژی... بەرەی قابیل... بەرەی شەڕی شارستانییەت... بەرەی وتووێژی ژیوەرەکان... بەرەی ئاپارتاید... بەرەی مافیا... بەرەی گشتاپۆ... بەرەی فاشیزم... بەرەی نازیسم... بەرەی «کۆشکی سپی» .. بەرەی کرێملین... بەرەی درۆ... بەرەی سووتاو/ بەرەی خۆڵەمێش/ بەرەی قەقنەس... بەرەی پڕۆمتە... بەرەی شڵەژان و دڵەخورپێ... بەرەی خەفەت... بەرەی مامەخەمە !... بەرەی کەمتەرخەمی... بەرەی شپرزەیی و سەرەڕۆیی... بەرەی برینە بەرینەکان... بەرەی بەیارە بێبەرەکان... بەرەی بووکڵە بێبنەکان... بەرە... بەرە...

ئەوا ئێستاش ژانی مەرگ شکاوەتە ڕۆحم...

تینی ژین بەجێیهێشتووم...

مەرگەڕێزە هەموو گیانم... مەرگەڕێز

واوەرەوە...

دە تۆخوا واوەرەوە...

واوەرەوەو بە ودمی ئەو دەمەت

هەرمانییم پێ بدە...

ئەرێ...

ئەرێ خۆ منیش سەردەمێ بووکی ئەم شارە بووم...

ئەی بۆچی

گوڵێ... پووڵێ... پەپوولەیێ... پووڵەکەیێ... پەڵە هەورێ

لە بسکە سوورەکەم نادەن؟!

ئەی بۆچی

گوڵێ... پووڵێ... پەپوولەیێ... پووڵەکەیێ... پەڵە هەورێ

ئەی بۆچی

گوڵێ... پووڵێ... پەپوولەیێ... پووڵەکەیێ...

ئەی بۆچی

گوڵێ... پووڵێ... پەپوولەیێ...

ئەی بۆچی

گوڵێ... پووڵێ...

ئەی بۆچی

گوڵێ...

ئەی بۆچی...

ئەی...